# هەموو ڕۆژێک لاپەڕەیەک لە قورئانی پیرۆز لە سەر پەیجەکەی لە فەیس بووک دادەبەزێنێت، ئایا ئەمە کارێکی ڕێگا پێدراوە ؟

[ كردي – کوردی – kurdish ]


**شێخ موحەمەد صاڵح المنجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1435

IslamHouse.com

# ينزل كل يوم على صفحته على " الفيسبوك " صفحة من المصحف ، فهل هذا عمل مشروع ؟

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد صالح المنجد


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1435

IslamHouse.com

## هەموو ڕۆژێک لاپەڕەیەک لە قورئانی پیرۆز لە سەر پەیجەکەی لە فەیس بووک دادەبەزێنێت، ئایا ئەمە کارێکی ڕێگا پێدراوە ؟

**پرسیار** : یەكێك لە خزمەكانم هەموو ڕۆژێك لە پەیجەكەی خۆی لە فەیس بووك لاپەڕەیەك لە قورئانی پیرۆز دادەبەزێنێت، وە دەڵێت إن شاء الله لەسەر ئەو كارەی لای خوای گەورە پاداشتی خێر دەدرێتەوە، لەبەرامبەر ئەوەی هەركەسێك دەیخوێنێتەوە، من دەترسم لەوەی ئەم كارە ( بیدعە ) بێت، بەڕاستی من گومانم لەوە بۆ پەیدا بوو بەتایبەتی كاتێك بینیم هەموو ڕۆژێك ئەم كارە دووبارە دەكاتەوە، لەسەرەتای قورئانەوە دەست پێ دەكات، وە بەدیاری كراوییش مەبەستی بابەتێكی تایبەت ودیاری كراو نییە، كە وەك بەڵگە بۆ بابەتێك بیانهێنێتەوە، تەنها مەبەستی ئەوەیە هەموو ڕۆژێك لاپەڕەیەك لە قورئان بڵاو بكاتەوە، ئایا ڕاست و دروستی ئەم كارە تا چەندێكە ؟ وە ئامۆژگاری ئێوە چیە لەم بارەیەوە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەگەر کەسێك هەموو ڕۆژێك لەسەر پەیچەکەی خۆی لاپەڕەیەك لە قورئانی پیرۆز بڵاو بکاتەوە بەمەبەستی ئەوەی بیری خەڵکانی تر بهێنێتەوە و هانیان بدات لەسەر قورئان خوێندنەوە، یان ئامازە بە چەند حوکمێکی شەرعی بدات، بە بێ ئەوەی بیکات بە خویەکی ڕۆژانەی، یان هەموو ڕۆژێك ئەندازەیەکی دیاری کراو بڵاو بکاتەوە، ئەوە هیچی تێدا نییە، ئەو کەسەشی کە هانی خەڵکی بدات لەسەر خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز وکار پێکردنی، کەسانێکی تریش شوێن پێی ئەم هەڵبگرن و سوودی لێ وەربگرن، بێگومان لاي خوای گەورە ئەم کەسە تووشی پاداشتی خێر دەبێت .

بەڵام ئەگەر هاتوو کارەکە تەنها ئەوە بێت ئەو کەسە هەموو ڕۆژێك لاپەڕەیەك لە قورئان بڵاو بکاتەوە، پەڕە لە دوای پەڕە بەشێوەیەکی ڕێکخراو تاوەکو تەواو دەبێت و لێ دەبێتەوە لە

هەموو قورئان، ئەوەی بۆ ئیمە بەدیار دەکەوێت ئەوەیە ئەم کارە سوودی گەورەی نییە، چونکە لاپەڕەکانی قورئانی پیرۆز هەر هەموو هەن و لەبەردەستدان، جا چی ئەگەر هەموو قورئان بێت یان هەندێکی بێت .

بەڵام ئەوەی ئێمە ئامۆژگاری ئەم برایەی پێ بکەین، ئەوەیە ئەم برایە بابەتێکی دیاری کراو هەڵبژێرێت کە خەڵکی پێویستیان بێت، ئەمجا بەڵگە بهێنێتەوە بــە ئایەتەکانی قروئانی پیرۆز و فەرموودەکـــانی پێغەمبەری خوا ( صلی اللـه علیه وسلم ) و ووتەی زانایان، بە شێوەیەکی کورت ئامۆژگاری و ڕێنموونی خەڵکی پێ بکات .

بۆ نموونە ئەمڕۆ بابەتێك لەسەر فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە هەڵبژێرێت، ئەمجا هەندێك ئایەتی قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە بە بەڵگە بهێنێتەوە، پاشان هەندێك فەرموودەی صەحیح باس بکات، دواتر بۆ بەهێزی و پێزی بابەتەکەی ووتەی هەندێك لە زانایانیش بهێنیتەوە، و بەم شێوەیە بیخاتە ڕوو بۆ خوینەرەکانی .

ئەگەر وابوو هەموو بەشدار بوو، لەگەڵ هاوڕێکانی ڕۆژانە سوودێکی شەرعی و حوکمێك لە حوکمە شەرعیەکانیان وە دەست دەکەوێت، بەم شێوەیە سوود وکەڵك حاصڵ دەبێت، هەوڵیش بدرێت لە عورف و عادەتی زانایان و خەڵکانی چاکەخواز دەرنەچێت .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام .